# لەناو جەرگەی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیکولار!

ئیمرۆ(18. 2): کوشتنی پیتەر ئەی.(9ساڵ، وێنەکەی)، شاری موینشنی هەژاند. پاش تێپەڕبوونی 24سەعات بەسەر ئەم تاوانە، تاوانبارەکە، دەستگیرکرا. تاوانبار(مارتین پی.(28ساڵ)پێش کوشتنی منداڵەکە، زەوتیکردووە و پاشان، لاشەکەی فڕێداوەتە زبڵدانێك. لە2/17یش، دوو فاشیست لە شاری فرانکفۆرت/ئۆدەر،





بەهۆی ئەشکەنجەدان ،زەوتکردن و بریندارکردنی پیاوێك، دەستگیر کران. لە(هاتنگین)، ژنێکی (29ساڵ)، لەلایەن دوو پیاوی 30و40ساڵەوە، زەوتکرا. کۆمەڵگای مەدەنی و سیکولار، زامن و درێژەپێدەری ڕەوشت و ئەقڵ و هەڵویستی"مافی یەکەم شەو"ی فیۆدالیستەکانە، هەر ئەوەندەیە لە هەندێ لایەنی بەرگ تەسکدا،"مۆدێرنتر"ئەنجامی بدەن. ئەوە کۆمەڵگەی کالایە، مرۆڤ دەهێنێتەت ئاستی کالا و لە بزارەکانیدا بازرگانی پێ دەکەن. هەر لێرەدا دەکرێ دەیان هەواڵی تر و ڕەنگە سەددان هەزار وێنەو ئەدرەسی بازاڕی نزمی سێکسیزم و پۆرنۆگرافی بلاوبکرێتەوە. ئەوە تەنها کەسانی نزمن کە پێیان وایە، تیرۆری ژنان تەنها تایبەتمەندی کلتورێکی کەلێك یان ئاینێکی دیاریکراوە. ئەو جۆرە بۆچوونانە ڕاستەوخۆ خزمەت بە داب ونەریت باوکسالاری دەکەن، چونکە ئەوانە بە هووشیارییەوە، ڕاستی لە ژنانی کورد دەشارنەوە! بۆ نموونە، ئایەتوڵڵا جۆهانس پاول، لە تازەترین کتێبیدا، لەباردنی منداڵ لە گەل هۆلۆکۆسدا، دەشوبهێنێ. و نووسیویەتی((لەناوبردنی جووەکان لە پاش ڕووخاندنی ڕژێمی نازی، ڕاگیرا، بەڵام ئەوەی درێژەی پێدەدرێ، ئەوەیە، لەناوبردنی یاسایی کۆرپەیە کە هێشتا وەك بوونەوەرێکی مرۆیی لەدایك نەبووە.

منیش ئەم بۆچوونەی پاپس بە بۆمبایەك دەشوبهێنم، لە سبینیۆە، لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و سەرجادەکان دەتەقێتەوە و تازە چەند ڕۆژێکی تر 8ی مارسە! ئەوجا لەبەر ئەو بۆچوونە، هەزاران تف و نەعلەتی بۆ خۆی مسۆگەر کرد!

لە ئیسلامەوە تا مەسیحی و جوو و هەموو ئاینەکان، چەند کۆڵەکەیەکی تاوانی باوکسالارین.

سەلام عەبدوڵلا